ئەو کەسەی پێداویستیەکانی بێوەژن وهەژار جێبەجێدەکات وەکو کەسی موجاهید وتێکۆشەر وایە لە پێناو خوای گەورە

لە ئەبی هورەیرەوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەو کەسەی پێداویستیەکانی بێوەژن وهەژار جێبەجێدەکات وەکو کەسی موجاهید وتێکۆشەر وایە لە پێناو خوای گەورە، یان وەکو ئەو کەسە وایە لە شەودا (بەردەوام) شەونوێژ دەکات و لە ڕۆژدا (بەردەوام) بەڕۆژوو دەبێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات ئەوەی پێویستیەکانی ئافرەتی بێوەژن دابین دەکات کە پیاوەکەی مردووە وکەسی نییە کاروبارەکانی بۆ جێبەجێ بکات، وئەوەی پێویستیەکانی هەژاران دابین دەکات وخەرجیان بۆ دەکات ؛ بەهیوای پاداشتی خوای گەورە -سبحانە وتعالى-، ئەوا وەکو موجاهید وایە لەپێناو اللە، یان وەکو ئەو کەسە وایە کە بەردەوام شەونوێژ دەکات بەبێ ماندووبوون، وڕۆژوو دەگرێت بەبێ شکاندنی

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3135